# "ئەسپیٚ ـ کوژ"

نووسینی: شێرزاد حەسەن

دەوترێت ئەم نەوەیە، نەوەیەکی (ئەسپیٚ کوژە)، ئەسپێکوژ بەو مانایە نا کە تەمبەڵ و تەوەزەل بووە و هیچ کار و کردەوە و چالاکییەکی نیە، بەڵکو پتر بۆ ئەوە بە کار دەبرێت کە بەردەوام مۆبایلەکەی بە دەستەوەیەو وەکو دڵی لە ناو چنگیدا بێت و نەکەوێت وەها توند گرتوویەتی، نەك هەر لێرە، بگرە لە زۆر وڵاتانی دونیای دەرەوەش، تا بە ئاوروپا و ئەمەریکا و باقی کێشوەرەکانی دیکەش دەگات هەمان دۆخ و خوو دەبینین، ژمارەی ئەسپیٚ کوژەکان زۆر بووینە، سەیری کوڕ و کچە گەنجەکانی لای خۆمان بکە، لە زۆربەی وڵاتانی دونیاش هەمان دیمەن دووبارە دەبێتەوە، لە ناو شەمەندەفەر و پاس و میترۆ و سەرجادەکان، لە ناو زانکۆ و کافیتریا و قاوەخانەکانیش بۆ هەمیشە کۆمەڵێك لە کوڕ و کچی گەنج دەبینیت سەریان بەسەر مۆبایلەکانیاندا شۆڕ کردۆتەوە و زۆرینەیان پەنجەی گەورۆنەی دەستی ڕاستیان دادەگرنە سەر دوگمەکان و بە پەلە و لێکدا لێکدا مێسج (پەیامێك یان نامە) بۆ هاوڕیٚ و دۆستەکانیان دەنێرن، یان لە ناو ماڵپەڕەکاندا چوار چاوانە دەگەڕێن بۆ هەر شتێك کە خۆیان عەودالٌی بن.

ئەو پەنجەیەش کە نامەکە دەنووسێت پەنجەی گەورۆنەی دەستی ڕاستەیە کە پێی دەوترێت (ئەسپیێ کوژە)، دەستەواژەی "ئەسپێکوژ" زیاتریش بەو مەبەستە بەکار دێت کە ئەم نەوەیە پشتی کردۆتە خوێندنەوە و بیرکردنەوەیەکی قووڵ، نەوەیەکە کە خۆی و دنیای سادە کردۆتەوە، ژمارەیەکی زۆریان شەرم لەوە ناکەن کە ساویلکە و کاڵفام دەربکەون ، بە تایبەتی لای خۆمان، دیارە ئەوە بە تەنها لاوەکان نین کە پشتیان لە مەعریفەت کردووە و ناخوێننەوە، هاوار و گلەییەکی گەورە هەیە کە هەر هەمووومان بووین بە دوژمنی کتێب، دوژمنی هونەر و ئەدەب و فیکر، نەك هەر ئەوە..بگرە خەڵکانێکی بێشوومار هەن، بە تایبەتی لای خۆمان کە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیش ناخوێننەوە، هەندێك لەوانەی ناخوێننەوە لەوە تووڕەن کە لەمڕۆکەدا هەرچی دەنووسرێت بیێ ڕۆح و فیکر و ناوەڕۆکە، هەندێك بە سۆز و عیشقەوە ئاوڕ لە سەردەمی کلاسیك دەدەنەوە و تەنها ئەو قۆناغە بە جوانترین قۆناغی فیکر و ئەدەب و هونەر دەزانن. زۆرن ئەوانەی دەڵێن تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت مرۆڤی ئەم سەردەمەی دزی و وایان کرد پشت بکەنە خوێندنەوەی کتێبان، هەر ڕۆژە و مەرگی ژانرێکی ئەدەبی ڕادەگەیەندرێت، هەن دەڵێن سەردەمی ڕۆمان یان شیعر یان چیرۆك بەسەرچووە، دەوترێت "وشەی نووسراوی سەر کاغەز مرد" تۆماری جوانی سەر لاپەڕە و ناو کتێبان بوو بە تۆماری سەر کێلی گۆڕەکان. هەر چەندە کردنەوەی ماڵپەڕ و سایتەکان لە ئینتەرنێت، لە پاڵ وێنەکاندا، ملیۆنەها تێکست دەگرنە خۆیان، بەڵام تێکستەکان چەندە دەوڵەمەند بن، پرسیارەکە ئەوەیە ئێمە خۆمان تینووی چین و بۆ چ

بابەتێك دەگەڕێین؟ هەتا کە تۆ نامەیەکی کورت لە ڕێگەی مۆبایلەکەتەوە بۆ دڵدارەکەت دەنێریت، تۆماری چەند وشەیەکە و نووسینە، کەواتە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ تەلەفزیۆن گەلحۆی کردین، مۆبایل ـ یش سەرقاڵی کردین و فێری ناردنی تێکستی کورت و ئاسانی کردین، بگرە بە سەدەها "شیعری مۆبایل" یان "مۆبایلە شیعر" لە نامیلکەکاندا ساز و ئامادەن تاوەکو دڵدارەکان بۆ یەکدی بنێرن، وەك ئەوەی خۆیان خاوەنی هیچ هەست و نەستێك نەبن. گەرچی لەم سەردەمەدا ئینتەرنێت گەرەکییەتی نووسین زیندوو بکاتەوە، بەڵام دیسانەوە ملیۆنەها کەس بە پیر و گەنجەوە لە بەردەم کۆمپیوتەرەکانیاندا کە دانیشتوون ناچنە سەر سایتەکانی هونەر و ئەدەب و فیکری کۆن و هاوچەرخ، دیسانەوە لە تەنیایی خۆیان ڕادەکەن و پەیام و نامە دەگۆڕنەوە یان "چات" دەکەن، شەوانە بە ملیۆنەها کەس بۆ دەیەها سەعات یەکدی دەدوێنن، بەردەوامیش پێشبڕکێیە لەسەر ئەوەی کێ دۆست و هاوڕێی لەویدیکە زۆرترە، من زات ناکەم دادگایی کەس بکەم کە ئەوەیان هەقی هەر یەك لەوانە نیە، چونکە دوا جار هەر کەس و ئازادە چۆنچۆنی تەمەنی خۆی خەرج دەکات، بەڵام لاوەکان بە کوڕو کچەوە، ژمارەیەکی زۆریان بەناوی خوازراو و تەمەن و ئەدرەسی درۆوە یەکتری دەدوێنن، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، من بۆ خۆم بە دەستی ئەنقەست ڕۆژێکیان هەوڵمدا کە بچمە سایت و ژوورەکانی دەمەتەقێ و چات، سەیرم کرد بە سەدەها وان لە ژووری غەزەل و سۆزداری و سێکس، لە نێوان ڕۆمانسییەت و غەزەلبازییەکی ئازاد—دا ژوورەکان هەمیشە پڕ بوون، بەڵام کە دەچوومە

ژوورەکانی هونەر و ئەدەب و فیکر، ژمارەیەکی یەکجار کەم میوانی ئەو ژوورانە بوون، دیسانەوە ئەوەش هۆکار خۆی هەیە، مرۆڤ لە چیدا کەموکوڕی هەبێت و لێیان بەهرەمەند نەبێت، بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت، ناکرێت بڵێین ئەو تەمبەڵییەی تەلەفزیۆن هێنای ئینتەرنێت توانی بیکوژێت، هەر دوو ئامێرەکە وایانکرد نەوەیەکی پاسیڤ و ئەسپێ ـ کوژ دروستبێت کە نوقمی سستییەکی عەقڵی و ڕۆحی بن، هەتا لە تەلەفزیۆنیش ڕێزی تێکست یان وشەی نووسراو بەو مانا قووڵەی کە دەخوازرێت.. نەگەڕایەوە جێی خۆی، بە تایبەتی دوای هاتنی سەتەلایت، چونکە ئەم گەشە تەکنەلۆژییە تێکستی وا بەرهەم ناهێنێت کە لەو سستی و تەمبەڵی و پاسیڤبوونە دەرمانبهێنێت، هەر ڕۆژەو لە ڕێی مۆبایل و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت–ەوە ملیۆنەها پەیام و نامە و کورتە تێکست ئاڵوگۆڕ دەکرێن، وەلێ تەنها ئاڵوگۆڕی ڕاز و نیازە، بەدەر لەوەی کە مانایەکی قووڵی هەبێت و جێی تێڕامان بێت، ڕاستە هەر هەموویان پەنا دەبەنە بەر زمان، بەڵام ناکرێت زمانی تێکستەکانی ناو مۆبایل و ئیمەیل و تەلەفزیۆن لەگەڵ زمانی باڵا و زیبای فیکر و ئەدەب بەراورد بکرێت، ئەوە بەو مانایە نایەت کە ئێمە حەدمان هەبێت گاڵتە بە گۆڕینەوەی ڕاز و نیاز بکەین، تەنها ترسی گەورەمان مەرگی تێکستە گەورەکانی ناو فیکر و ئەدەبە لە ژیانی ئەو نەوەیەی کە ژمارەیەکی زۆری ئەسپێ کوژە، هەتا تۆماری مێژوو بە هەموو قورسایی خۆیەوە ناگاتە تۆماری ئەدەب، تۆماری مێژوو لە زۆر حاڵەت و قۆناغدا درۆنووسەکانی بە تەنها سەرکەوتنەکانیان تۆمار کردووە و بە دەگمەنیش بێلایەن بوون، بەڵام ئەدەب ڕەسمی ڕۆحی

قۆناغە جیاکانە لە دەرکەوتە جیاواز و ڕەنگاو ڕەنگەکانیدا، ئەدەب هەوڵێکی گەورەیە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە سستی و تەمبەڵی و گەلحۆیی، چونکە توانیوییەتی پوختەی ئەزموونی ئینسانی بەرجەستە بکات و تەقەللایەکە بۆ گەیشتن بەوپەڕی کەماڵی (ئادەمی ـ بوون)، بەڵام بە هەموو شۆڕشی تێکنۆلۆژیاو ئاڵوگۆڕی خێرا لە پەیوەندیکردندا نەوەیەکی وەها تەمبەڵ و ئەسپێکوژ پەیدا بووە کە داوا دەکات شاکارە ئەدەبی و فیکرییەکانی دونیای بۆ بخرێتە سەر (سی دی– CD) و کاسێت، ئەگەر نا ... ئەوە کات و حەوسەڵەی ئەوەیان نەماوە لاپەڕەی کتێبەکان هەڵبدەنەوە.

ئەم نەوەیە پتر نەوەیەکی ئیماژ و وێنەپەرستە، گەرەکییەتی لە نێوان وێنەکاندا باز بدات، لە پۆرنۆگرافییەوە تاوەکو دوا مۆدێلی (BMW) و تا دەگات بە تابلۆ سوریالییەکانی "سلڤادۆر دالی" : ئەوەی دواییان زۆر کەمتر. هیچ کاتێك تۆمار و نووسین یان (وشەی نووسراو) وەك ئەمڕۆکە لە ژێر هەڕەشەدا نەبووە، تۆڕەکان بە وێنەکانیشەوە پڕن لە تێکست، بەڵام تێکستی وا مردوو کە هیچ نالێن، ئەو جوانی و هەژانەی لە ئەدەبدا هەبوو لە لای نەوەیەك لەو ئەسپێ کوژانە شکۆمەندی جارانی نەما، لە نێوان تۆڕەکان و ماڵپەڕەکان و بۆکسەکاندا زانیاری گۆڕینەوە هەیە، بەڵام ڕۆح دەوڵەمەند ناکات، ئەم نەوەیە پشتی کردە ئەو ئاڵۆزییە قەشەنگەی ناو پەیوەندییە مرۆییەکان کە لە ناو ڕۆمان و چیرۆك و شیعر و شانۆگەرییەکاندا دەمانخوێندەوە، ئەم نەوەیە وازی لە ڕۆح و ئیقاعی شیعر هێنا، لەو ڕستە بە هێزانەی ژیانی خەڵکیان دەگۆڕی، چونکە بە تەنها لەناو

تۆماری ئەدەب و فیکردا زمان تەواوی ڕێز و جوانی و پاکیزەیی خۆی دەکرێتەوە، لەوە بترازێت دەبێت بە ورتە ورتێکی مردوو، بێ ڕۆح و بێ مانا، ئەدەب تۆماری جۆرەها ستایلی ژیانە و دەرکەوتنی عەقڵە لەو پەڕی درەوشانەوەی خۆیدا، ڕۆژانە بە هەزارەها کۆرسی ڕاهێنان و فێربوون دەکرێنەوە و ملیۆنەها مرۆڤ بە (مێ و نێر)ەوە بەشداردەبن، بەڵام دوا جار گەڕانە بە دوای کار و ئیشدا، زۆرجاران سادەکردنەوەی زمانە کە بە گوزارشتێکی گێلانە کۆتایی دێت، سادەیی لە داڕشتندا، هەتا لە قوتابخانەکانی ئێمەدا، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە داڕشتن (ئینشا) لە زمانی کوردی و عەرەبیدا، لەسەر هەر بابەتێك، لە خۆشەویستی نیشتیمانەوە بیگرە تا دەگاتە وەسفی سەیرانێك، مامۆستا خەیاڵکوژەو لە بری هەر هەموو قوتابییەکانی یەك داڕشتن دەنووسێت و ئەوانیش ئەزبەری دەکەن، دیارە ئەوەیان سەرەتایەکە بۆ کوشتنی ئەندێشە و بیرکردنەوەی جیاواز لە داهێناندا، دیارە (ماڵ و مەکتەب) بە یەکەوە منداڵەکان بە ناو ئەو پرۆسەی خەیاڵ کوشتنەدا دەبەن، بە واتا گەورەکان لە بری کوڕ و کچەکان بیردەکەنەوە و دەنووسن و وەڵام دەدەنەوە، من لە یادمە (30) سی ساڵێك لەمەوبەر، لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی داڕشتنەکان جیاواز بوون، سەرەتای زەوقی نووسینی من لەوەوە پەیدا بوو کە من دەمویست جوانترین داڕشتنی جیاواز بنووسم، بە کوردی و عەرەبی، تاوەکو هەر هەموو پۆلەکەم، بەمامۆستاکەمەوە سەرسام بکەم، زمانی ناو کتێبەکانی مەکتەب، لێرە و هەنووکە، پەیوەندی بە ژیانەوە پچڕاوە، لە بری ئەوەی لە خۆمان و دونیا نزیکمان بکاتەوە، دوورترمان دەخاتەوە، لە

بری ئاشنابوون نامۆمان دەکات، یەکێك لە کارەساتە هەرە گەورەکانی پرۆگرامی خوێندن لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەیە کە دەتکات بە دوژمنی سەرسەختی ئەدەب و هونەر و فیکر، لە کتێب خوێندنەوەت دەکات و لەبیرکردنەوە دەتۆرێنێت و لە خەیاڵ دەترسێنێت، بە جۆرێك کە نەوە دوای نەوە گێل دەکات، گێل بەوەی کە لەو پسپۆرییەی خۆی بترازێت هەوا و هەوەس و حەزی لە هیچ شتێکی دیکە نیە، گاڵتە بە هونەر و ئەدەب و فیکر دەکات، بە ملیۆنەها مامۆستا و پزیشك و ئەندازیار و ئەفسەر و فەرمانبەر و قوتابی هەن کە ناخوێننەوە، بە هەزارەها ماڵ کتێبخانەیەکی تایبەت بە خۆیان نیە، سیستمی فێرکردن لەم وڵاتەدا لە قۆناغی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا تێپەڕی نەکردووە، ئەم سەدەیە بە سەدەها سیاسەتبازی گێل و وێلی دروستکرد، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و لای خۆمان، بە هەزارەها کارمەندی دوژمن بە فیکر و مەعریفەت، نوشوستی سیستمی پەروەردە لەوەدایە کە هەر هەموو نەوەکان، یەك لە دوای یەك، ڕقیان لە خوێندنەوە و بیرکردنەوەیە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو گاڵتەیان بەو کەسانەش دێت کە دەخوێننەوە و بیردەکەنەوە، لە پاڵ قوتابخانەدا خێزانی کوردەواری، بە گشتی و بە هەژار و زەنگینەوە، زۆر لەوە کلۆڵتر و نەخوێندەوارترە کە کولتووری خوێندنەوەی هەبووبێت و ڕێزی فیکر و ئەو بەها گەورەیەی هەبووبێت، کۆی سیستمەکە هانت دەدات کە بیر نەکەیتەوە، فیکری ناو مزگەوتیش هەرگیز ئامادە نەبووە بێتە سەر زەوی و هێشتا کار و کردەوە و خەیاڵی بەندە بە ئاسمانەوە، لاوەکان، بە کچ و کوڕەوە، گەر بە خەونی گۆڕان و فێربوونەوە بچنە ناو خانەکانی

حیزبەکانەوە، لەو سەرەوە وەها وڕو کاس و گێل دەکرێن کە پتر لە تووتی و داهۆڵ دەچن، حیزب لەم وڵاتەدا تازەترین کارگەی بەرهەمهێنانی مرۆڤی بێ زمان و گوێ و بێ چاوە، یەکەمین داوای حیزب لە نەوەی تازە ئەوەیە کە عەقڵی تەڵاق بدات.

نیو سەدەیە سیاسەتبازەکانی کورد سەبارەت بە تێکۆشان و شۆڕش و نیشتیمان هەر هەمان ئینشایان ئەزبەرە و دەیڵێنەوە، ئاسانترین ئینشا کە بە کەڵکی هەموو بۆنەکان دێت، کەسیش نیە، نە لە ناو ماڵ و نە لە ناو مەکتەب و نە لە مزگەوت و نە لە ناو خانەکانی حیزبدا داوای گۆڕینی ئەو ڕێچکەیە بکات و بیگۆڕێت، کەسیش ئامادە نیە دان بەوەدا بنێت کە هەنگاوی هەڵەی ناوە، کەس نیە لە گوناهەکانی بە گێلکردنمان پەشیمان ببێتەوە، لەوە دەچێت لەسەر هەر هەموو ئاستەکاندا گێلی سیاسەتی یەکەمی ئێمە بێت، لێرە کەم کەس کاری بە گۆڕان و پێشکەوتنە، چونکە تێپەڕاندنی ئەو ڕۆحە تەقلیدی و مردووە باجی گەرەکە و ترسناکە، کەس ئامادە نیە دان بەو (جەهالەت)ەدا بنێت، مۆدێلێکی تازەیە لە نەفامی کە هەر هەموومان تێیدا خۆشبەختین، گاڵتەکردن بە مرۆڤ و مەعریفەت ئامانجی زۆربەمانە، خەرافەت و پووچی پانتاییەکی گەورەی لە ژیانی ئێمە داگیر کردووە و کەسیش باکی نیە و ناترسێت، هێز و وزەی عەقڵی پەکی خراوە، هەتا لە بواری سیاسەتدا (قەدەر) لێماندەخورێت، لە سەردەمێکی زووتردا مرۆڤە ژیر و بەحیکمەتەکان دەیانتوانی ئاسانتر بەرگری لە خۆیان بکەن، ئێستا پیاوە گێل و داهۆڵەکان، بە تەنها گەر سامان و عەشیرەتیان لە پشت بێت دەتوانن شەڕی دەیەها زاناو دانا بکەن، ئەمەیان

سەردەستەیی و زاڵبوونی نەفامی و گەلۆرییەکی تازەیە، لە پاڵ ئەو هەموو دەزگایانەی گەلحۆیی بەرهەم دەهێنن چی ماوە بیکەن؟ پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئایا ئەدەب لە توانایدا هەیە بایی ئەوەندە مرۆڤ زیرەك بکات کە بەرگەی پووچی بگرێت و خۆی لە گێلی قورتار بکات؟ چۆنچۆنی وا لەو سوپا گەورەیە بکەین کە واز لە خۆ گێلکردن بێنێت؟ چۆن ئەو هەزارەها ئەسپیٚ کوژە عاشق بە هونەر و ئەدەب بکەینەوە و لەگەڵ فیکر و زانستدا ئاشنا بن؟ یان بە لایەنی کەمەوە گومانیان لا دروست بکەین کە ئەوان بەم چەشنە لە مانا و نهێنییەکانی ژیان تێناگەن. ئاخۆ لەوەتەی هونەر و ئەدەب پەیدا بوون، ژمارەی ئەو هونەرمەند و نووسەرانە چەند بوون کە مەعریفەت و فیکری وایان پێبوو کە بتوانن مرۆڤ فێری جوانپەرستی بکەن و هەوڵی خۆناسین و خەڵك ناسین بدەن؟ کیٚ بوون ئەو هونەرمەند و نووسەرانەی کە ئەوەندە ڕادیکاڵ بوون و توانیان قۆناغە تەقلیدییەکان تێپەڕێنن؟ هەندێك قەناعەتیان وایە کە ئەدەب و هونەر لەمرۆکەدا لە مانا و پەیام و جوانی بێبەرییە، بە تایبەتی لای خۆمان، بەڵگەشیان ئەوەیە کە نووسەرەکان و هونەرمەندەکان کەم ئەزموون و کەم مەعریفەتن، بیٚ دیدگا و بەتاڵن لە جیهانبینی، خاوەنی ڕۆحی زەلیلی و کەم خەیاڵن، لە بری خۆشەویستی و پاکی، کینە لە دڵن، پێشمەرجی داهێنانی گەورە ئەوەیە کە خاوەنەکەی خودانی ڕۆحێکی جوان و لە هەمانکاتدا جوانپەرست بێت.

کەس نیە نکۆڵی لەوە بکات کە لەگەڵ پەیدابوونی ئەدەب، مرۆڤ پتر خۆی و خەڵك و دونیای ناسی، ئەوە ئەدەبە کە وایکرد مرۆڤ ئازاو زیت و زیرەکتر

بێت، نووسەرە ئازاو گەورەکان ئەوانەن کە بۆ هەمیشە هێرش دەکەنە ناو هەموو پانتاییەکانی ژیانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان دژی شتە باوەکان و تابووشکێنن، خولقێنەری پرسیار و گومانی زۆرن، بەڵام ناکرێت ئەوە لە یاد بکەین کە زۆرن ئەو نووسەرانەی کە سادە و ساویلکەن و نوقمی خەمە زاتی و چەشنێك لە خۆپەرستین، هاوڕێ لە تەك ملهوڕی، هەر بۆیە بەرهەمەکانیان مردوون. بیرمان نەچێت کە ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و شانۆنووس و شاعیرە داهێنەرەکان، بە درێژایی مێژووی ئەدەب، توانیویانە لەو ژمارە زۆرەی ئەسپێ کوژەکان کەم بکەنەوە. ئەدەب بوو کە بە هەموو ژانرە جیاوازەکانییەوە توانی وا بکات ملیۆنەها کەس خەون بە عیشق و حەز و جوانییەوە ببینن، سەفەر و کۆچ، ڕۆحپەروەر و جەنگاوەری ئازا و دوژمنی گەندەڵی و ناشیرینی بن، جوامێر و ژن و کچی دڵئازابن، توانی خەونی هەڵگەڕانەوە و سەربەستی لە مێشکی هەزارەها نێر و مێ، بە پیر و گەنجەوە بچێنن، قایل نەبن بە بەندەواری و کۆیلەبوون، شەڕی یەکەمی ئەدەب دژی ملهوڕییە، ئەدەب تۆماری ڕەنگاو ڕەنگی پوختەی ئەزموونی ئینسانی میللەتانی جیاوازمان دەخاتە بەردەم، زۆربەی پرسیار و گومانە گەورەکان لەوێوە هاتوون، لە درۆ و ڕاستی ژیان و زیندەگی خۆمان نزیکمان دەخاتەوە، لە سروشتی بوونی خۆمان، بە هەموو دزێوی و جوانییەوە، دەمانخاتەوە بەردەم غوربەت و تەنیایی و گەردوونی پڕ لە نهێنی تا بە ڕۆحێکی ئازاترەوە ڕوو بە ڕووی خۆمان و دونیا ببینەوە، ئەدەب وایکرد بکەوینەوە سەر زەوییەکی ڕەقەن کە تەواو دابڕا لە مانا و مەغزا پیرۆز و دێرینەکانی ئاسمان، ئاسمان بەو مانایەی کە نەهێڵێت

سەیری بەر پێی خۆمان بکەین و خۆمان بە خەڵکی ئەم سەرزەمینە بزانین، نووسەران مەبەستیانە لە خود پەرستی و پووڵپەرستی و دەسەڵاتپەرستی قورتارمان بکەن، گەرەکیانە پێمانبڵێن بەهەشت و دۆزەخ وا لێرەیە، یان بەهەشت و دۆزەخ فریوێکی گەورەیە کە هەندێك بەرژوەندیخواز گەرەکیانە لێی سوودمەند بن نەك یەزدان خۆی، ئەدەب گەرەکییەتی لەو تەمبەڵییەی عەقڵ و خەیاڵ دەرمانبهێنێت، دوا جار نووسین بۆ ئەوەیە خۆمان و ئەوانەی دیکە بناسین، کردەیەکی ئینسانی هاوبەشە، خوێندنەوە هەمان هاوبەشییە، بۆ ئەوەمانە هەر هەمووومان ئازاد بین، لەو دەماغسزییە دەرچین کە دونیای تێکەوتووە، بۆ ئەوەیە نەبین بە بەشێك لەو دونیایەی کە هێزی بیرکردنەوەی لە دەستداوە، هێزی گفتوگۆ و لە یەکدی تێگەیشتن، لە دونیایەك کە ملهوڕی و بێ سەوادی بووەتە هێزێکی زاڵ، عیشقی ئەدەب لە بازاڕە قەڵەباڵغەکەی بێ هۆشەکان دوورمان دەخاتەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە ژمارەیەك نووسەرانی بێ بەهرە لەو بازاڕەدا نین، خوێندەوارە زیرەکەکان زۆر چاك ئەو نووسەرە بێ دڵ و ڕۆح و مێشکانە دەناسنەوە. دوا جار نووسەران بێ پەیامێکی ئەخلاقی و هێزێکی گەورەی بەرەنگاربوونەوە و دژ بە ناشیرینییەکانی ناو دونیای سیاسەت و ئابووری بازاڕ و داڕزانی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەکەونەوە ناو هەمان دونیای گەلۆر و داهۆڵەکانەوە کە تیایدا شمشێر لە قەڵەم بەهێزترە، نووسەری ڕاستەقینە جەنگاوەرێکە کە لە هەر کوێ گێلی و بێباکی هەبێت، ئەم هێرشی دەکاتە سەر. کەسە گەلحۆکان لە دونیای ئەمڕۆکەدا، لە ژێر ناو و دروشمی زەقدا شەڕی خۆیان دەکەن: ڕەگەزپەرستی،

نامووسپەرستی، سەرمایەداری لیبڕاڵی، سۆشیالیزم، کولتوور، مافی کەمایەتی، ئایین ... هتد. نووسەرە ڕاستەقینەکان ئەوانەن کە ئەم دروشمانە بەتاڵ دەکەنەوە، بە تایبەتی کە لە ژێر ناو و پەیامی پیرۆزدا درۆکان دەشارنەوە، ئەدەب هێزەکەی لەوەدایە کە قسە لەسەر سەردەمە جیاوازەکان دەکات، ئەوەندەی کە پابەندە بە کات و شوێنەوە، کەچی ئەوەندەش نەمرترە، هەر هەموو کات و شوێنەکان بە موڵکی خۆی دەزانێت، قسە لەسەر مرۆڤ و حاڵەتە جیاوازەکانی دەکات وەك ئەوەی کە هەبووە و هەیە، نەك وەك ئەوەی کە ئایدیۆلۆژیستەکان مەبەستیانە ڕەنگی بکەن، کۆمیدیا و تراژیدیای ئینسانی لەسەر زەوی دەخاتەوە بەردەممان، بەدەر نیە لە هەموو لایەنە بەهێز و لاوازەکانی من و تۆ، تەواو ڕەسمی ڕۆحی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکان دەکات بەوەی پڕە لە جوانی و ناشیرینی، یەکەم جەنگ و دوا جەنگە دژی کەمتەرخەمی و بەتاڵی و گەلۆری، دەبوو ئەدەب هەبێت چونکە ڕاستییەکان ئەوەندە ئاشکرا نین و مرۆڤ بۆ خۆی بوونەوەرێکی پەنهان و پڕ گرێ و گۆڵ و ئاڵۆزییە، مێژوو بە تەنها دەرەقەت نایەت، بە تایبەتی گەر بڕوامان بە وتەکەی (میلان کۆندێرا) بێت کە قەناعەتی وایە "مێژوو کوێرانە ڕێدەکات ..!" کەواتە ئەدەب پێمان دەڵێت کە کەی بوو ئێمە کوێر بووین، بۆ کوێر بووین، چۆن کوێر بووین، ئەرکی هەموومانە کە خۆمان ئەسپێ کوژ نەبین و لە ژمارەی ئەسپێ کوژەکان کەم بکەینەوە، ئەدەب ئەم ئەرکە دەخاتە سەر شانی خۆی، مەرجە دژی گێلی بجەنگین، خۆمان و دونیا ئازاد بکەین، ئەوەیان بە تەنها ئارەزوو نیە، بەڵکو وانەیەکی ئەخلاقییە و ویژدان پێماندەکات،

مەرجە تۆ وەك نووسەر خۆت ڕزگار بکەیت لەو گەمژەییەی دونیای تێیکەوتووە، کە تۆ ئازا و ئازاد بوویت، هەزارەها خوێنەر لەگەڵ خۆتدا ئازا و ئازاد دەکەیت، کە ڕۆشن بیت و ڕۆشن بنووسیت، تاریکی لە دڵی خۆت و ئەوانی دیکەدا ڕاو دەنێیت، کە نەترسایت ئەوانی دیکەش ترسیان نامێنێت و ئازا دەبن، کە زانیت بێباکی و گەلحۆیی شەرم و نەنگییە، ناچار لاسایی کەسە زیرەکەکان دەکەیتەوە، لە نێوان هیوا بەخشین و نائومێدیدا، هەق نیە هەرگیز ڕاڕا بین و دۆش دابمێنین، ئێمە قسە لەسەر مرۆڤ و ژیان دەکەین، بۆیە مەرجە تا بۆمان دەکرێت ڕەنگاو ڕەنگ بین وەك مرۆڤ و ژیانی خۆی، چەندە بە شانازییەوە باس لە شکۆمەندی و جوانی و سەرکەوتنی مرۆڤ دەکەین، هەقە بە هەمان ئەندازە باس لە زەلیلی و ناشیرینی و بەزینی مرۆڤ بکەین..زرنگی و ملهوڕی، بیرمان نەچێت کە ملهوڕی یان گێلی زۆر جیاوازە لە نەزانین، (پۆل ریکۆر) بڕوای وایە کە دەکرێت نەزانین پانتاییەکی پاك (بەرائەت) لەمرۆڤدا بەجێبهێڵێت، بەڵام ملهوڕی و گێلی هەرگیز ... چونکە خودی گێلی کارەساتە و..کارەساتیش بەرپا دەکات.

**<u>پەراوێز:</u>**

**من لە یادمە چل ساڵ لەمەوبەر، بە تایبەتی بەهاران، منداڵان بە کچ و کوڕەوە دەچوونەوە ناو کۆشی دایکەکانیان، لەبەر هەتاو، ئەوانیش هێدی هێدی سەری منداڵەکانیان دەدۆزی و (ئەسپێ) کان دەگەڕان کە زیندەوەرێکی چکۆلە و خوێنمژەو بە بێخی سەرەوە دەنووسێت، کە**

ئەسپێکەیان دەدۆزییەوە دەیانخستە نێوان هەر دوو پەنجەی گەورۆنە و قرچەی کوشتنی ئەسپێکە و هەر دوو پەنجەی گەورۆنەی دایکانمان بە خوێن سوور دەبوون، من یەکێك بووم لەو کوڕیژگانەی کە دەیەها جار دایکم ئەسپێی لەسەرمدا کوشتووە، ڕۆژگاری هەژارییەکی کوشندە بوو، هەمووومان چڵمن و لیکن و چڵکن و دژوون بووین، ئەمڕۆکە بە ملیۆنەها کەس، بە تایبەتی کوڕ و کچی گەنج، سەرگەرمی ناردنی پەیامی کورتن و بۆ ئەوەش ناچارن پەنجەی ئەسپیٚ کوژ بەکاربهێنن، بۆیە نەك هەر لێرە، بەڵکو لە دونیای دەرەوەش ئەم نەوەیە بە نەوەی ئەسپێکوژ ناسراوە.